


# پەیامێک بۆ **زەرقاوی**

حەمەسەعید حەسەن

ئێمەی کورد قەومێکی زۆر ئازاین، ئەوی لێی نەترسین مەرگە، ئێمە لەمێژە قەلاچۆ دەکرێین و مێشێک میوانمان نییە. بەعس هەر لە ‹شەست و سێ›وە تا دوو هەزار و سێ، لێی دەکوشتین و هیچ باکمان نەبوو. بەعس گوندەکانی کاول دەکردین، بە دۆزەخی ئەنفالی دەسپاردین، ژاری بەسەردا دەباراندین، ناچاری کۆڕەوی دەکردین، هەر چی گەنجی فەیلیمان هەبوو، دەیکوشتن، هەر چی بارزانی قوشتەپەمان هەبوو، بێ سەروشوێنی دەکردن، بەعس لە ئەشکەوتدا دەیسووتاندین، لە دۆڵی مەرگدا زیندەبەچاڵی دەکردین، بە کۆمەڵ لە سێدارەی دەداین، لە ژێرزەمینەکاندا، لەژێر ئەشکەنجەدا دەیکوشتین و هەر دەتگوت لەگەڵ ئێمەشی نییە!

ئێمە قەومێکی زیاد لە پێویست نەبەزین، بەرگەی ئەنفال و کیمیابارانمان گرت، ئەو هەموو گوندەمان کاول کرا و فشەمان پێ هات، ئەو هەموو خەڵکەمان لێ کوژرا و بە خەیاڵماندا نەهات، تازەکی زەرقاوی! تۆ هاتوویت، گەرەکتە بە یەک دوو کردەوەی بچووکی لەوەی یەکی شوباتی ساڵی پار و لەوەی چواری ئایاری ئەمساڵ، بمانتۆقێنێت. دۆشاو بە تیرۆرت، ئێمە بۆ مەرگ خولقاوین، وەرە بێ منەت بە، دەروازەی هەولێر بە ڕووی تیرۆری یارانی تۆدا، لەسەر گازەرای پشتە.

وەرە ئێمە هەمووومان بە پەرۆشەوە چاوەڕێی هاتنی ئەو ڕۆژەین کە تێیدا شەهید ببین، وەرە ئێمە تاقە شتێک کە شانازی پێوە بکەین، ژمارەی بەرزهەڵکشاوی شەهیدەکانمانە، وەرە ئەوە تەنیا ئێمەی کوردین، چونکە شەیدای مەرگین، دەیان جار لە هەمان کونەوە، هەمان مار پێمانەوە دەداتەوە و ئەوی بیری لێ نەکەینەوە، گرتن و سواغدانی کونەکەیە. وەرە ئەوە ئێمەی خۆڕاگری میواندۆستین کە جوانترین دانمان بۆ ڕۆ کردوویت، بێ ئەوەی هیچ داوێکمان بۆ نابیتەوە. وەرە بۆ هەولێر کە تێیدا لەسەر دۆست و ڕێنیشاندەر پەکت ناکەوێت.

وەرە ئێمە وەک چۆن بە عەشقەوە بەرەو پیری مەرگ دەچین، هەر واش بە عەشقەوە چاوەڕێی مەرگ دەکەین. وەرە هەر پارێزەرانی ئاسایشی پایتەختی کوردستان لە دەرد و بەلا بە دوور بن، چ قەیدی چەمی خوێناوی خەڵکی هەولێر، با هەر هاژەی بێت. وەرە تۆ کوردستان خەڵتانی خوێن بکە، وەرە تۆ هەولێر لە خوێنی خۆیدا بگەوزێنە، وەرە تۆ بۆمبی سەفەریمان پێدا بتەقێنەوە و ئێمەی ورەبەرزیش، دەتدەینە بەر ڕێژنەی ڕستەی شۆڕشگێڕانە.

2005. 05. 10